هەموو سەرخۆشکەرێک ئارەقە (خواردنەوەی مەستکەرە)، وهەموو سەرخۆشکەرێک حەرامە، وئەوەی ئارەق بخواتەوە لە دونیادا ؛ وبمرێت لەسەر هۆگربوون پێوەی وتەوبەی نەکردبێت، ئەوا لە ڕۆژی دواییدا نایخواتەوە

لە ئیبن عومەرەوە -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەموو سەرخۆشکەرێک ئارەقە (خواردنەوەی مەستکەرە)، وهەموو سەرخۆشکەرێک حەرامە، وئەوەی ئارەق بخواتەوە لە دونیادا ؛ وبمرێت لەسەر هۆگربوون پێوەی وتەوبەی نەکردبێت، ئەوا لە ڕۆژی دواییدا نایخواتەوە».
[سەحیح - ڕاست)] [رواه مسلم وأخرج البخاري الجملة الأخيرة منه]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیدەکاتەوە هەرشتێك ببێتە هۆی نەمانی هۆش وئەقڵ ئەوا مەی وسەرخۆشکەرە ؛ ئینجا ئەگەر بە خواردنەوە یان خواردن یان هەڵمژین بێت یان بەشێوەی تر، هەرشتێك ببێتە هۆی نەمانی ئەقڵ وهۆش ؛ خوای گەورە -عز وجل- حەرامی کردووە ونەهی کردووە لە کەم وزۆری. هەرکەسێك جۆرێك لە جۆرەکانی ئەم سەرخۆشکەرانە بخواتەوە، وبەردەوام بێت لەسەر خواردنەوەی هەتاوەکو لەسەری دەمرێت ؛ ئەوا شایستەیە خوای گەورە سزای بدات بە بێبەشکردنی لە خواردنەوەی لە بەهەشتدا.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/58259